تکایە واژۆی بکە:

## کەمپینی راپرسی بۆ دیارکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان.

**بۆ تێکڕای هاولاتیانی کوردستان!**

**راپرسی ئامرازی دیموکراسی راستەوخۆیە و ئەوپەڕی رێز نواندنە بۆ بیروبۆچوونی یەک بە یەکی تاکی کۆمەڵگە. نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو سەقامگیرکردنی پێگەی ئاشتی و تەبایی لەنێو گەلان لە(مادەی ٥٥، بەشی ٩و برگەی٢ی مادەی١)و لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ (مادەی ١٥، برگەی٢) دووپاتی مافی چارەنووسی گەلان دەکاتەوە، هاوکات تێکڕای ئازادیخوازان و هێز و بیرە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان ئەم مافە بە رەوا دەزانن و پشتیوانی لێدەکەن.**

**خەڵکی کوردستان لەو مافە نێونەتەوەیی، یاسایی و مرۆییە بێبەشکراوە. ئەو بێبەشکردنە شێوەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ هۆش و هزر و دەسەڵاتی رەگەزپەرستیی. ئێمە لە بەرامبەریاندا خۆمان بە پابەندی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەزانین و بەگوێرەی نێوەرۆکەکەی گوتاری خۆمان رادەگەیەنین.**

**ئێمە دەمانەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بە هۆش و هزری هەماهەنگیی و دۆستایەتی گەلان و بۆ دوورخستنەوەی ئاگری جەنگ و ماڵوێرانی و هەر رەفتار و تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی کۆتایی بەو جۆرە راسیزمە بهێنین کە بە پەتی سێدارە و داپڵۆسین و میلیتاریزم و قەدەغەکردنی قوتابخانەی کوردی.. لە رۆژهەڵاتی ناوین فەرمانڕەوایی دەکەن، داوای پەیڕەوکردنی مافی یاسایی و مرۆیی راپرسی دەکەین بۆ هەرێمی کوردستان و تەواوی خەڵکی کوردستان لە باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا.**

**ئێمە پاش راوێژکردن، رۆژی (٢٠١١/٥/١)مان بە رۆژی راپرسی بۆ دیارکردنی چارەنووسمان دیارکرد و لە ئێستاوە دەستبەکارین بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دامودەزگا نێونەتەوەییەکان.**

**بۆ واژۆکردن کرتە لێرە کرتە بکە:**

**http://www.petitiononline.com/rapirsik/petition-sign.html**

**سەرپەرشتیکەری کەمپین لە بەریتانیا: پایزە ئەحمەد**

**payze1@hotmail.co.uk**

**سەرپەرشتیکەری کەمپین لە کوردستان: سەلام عەبدوڵا**

**dwaroj@yahoo.de ،07700595583**